ترەمپ: بڕیارمان داوە کە باج لەسەر چین کەمبکەینەوە



دەناڵد ترەمپ، سەرکی ئەمریکا دوای نزیکی کاتژمێر و 40 خولەک وتوێژ لەگەڵ هاوتا چینیەکەی شی جینپینگ، کەریای باشووری بەجێهێشت و پێش ئاوەش ڕایگەیاند، کۆبونەوەیەکی گرووپی لەگەڵ هاوتا چینیەکەی ئەنجامداوە و ژمارەیەك بڕیاری "زۆر گرنگیان داوە"، هەروەها بڕیاری داوە کە باج لەسەر چین کەمدەکاتەوە.

ترەمپ دوای یەکەم دیداری ڕوبەڕوی لەگەڵ شی دوای شەش ساڵ، کە لە شاری بوسان لە کەریای باشوور بەئاوەچو، جەختی لەوەکردەوە کۆبونەوەیەکی گرووپی لەگەڵ هاوتا چینیەکەی ئەنجامداوە و ژمارەیەك بڕیاری ناوازەیان داوە. کە بە بەچونی ئەو "بڕیاری زۆر گرنگن".

دەشڵێت، "هەردولا گەیشتونەتە کەمەک ڕێککەوتن بۆ کەمکردنەوەی گرژیە بازرگانییەکان و سەرەک شی ڕازامەندی دەربڕیوە لەسەر دەستپێکردنەوەی کۆبینی فاسڵیای ئەمریکی لەلایەن وەاتەکەیەوە".

سەرکی ئەمریکا لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند، بڕیاری داوە بۆ کەمکردنەوەی باج لەسەر چین بۆ ڕێژەی 47%.